اقليم كوردستان - العراق
مجلس الوزراء
وزارة التعليم العالي والبحث العلمي
دائرة الدراسات والتخطيط والمتابعة

Kurdistan Regional Government
Council of Ministers
Ministry of Higher Education & Scientific Research

ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
فەرمانگەی خوێندن و پلان دانان و بەدواداچوون


No: ژمارە: ١٠٧٢٢

Date: ڕێکەوت: ٢٠١٦/١١/٢٩ ی زایینی
٢٧١٦/٩/٩ ی کوردی

وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
* وەرگیرا *

## فەرمانی وەزاری

بە مەبەستی ڕێکخستن و دانانی میکانیزمی گونجاو بۆ تەرخان کردنی کورسی خوێندن بەپێ ی پێویست بۆ وەزارەتەکان و دام و دەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و ڕێکخراوە نا حکومیەکان بە شێوەیەک کە لەگەڵ هەلی کار بگونجێت وە بە پێ ی ئەو دەسەڵاتەی کە پێمان دراوە بریارماندا بە :

**یەکەم: کورسی خوێندن بۆ دام و دەزگاو پێکهاتەکانی وەزارەتی خوێندنی باڵا بەم شێوەیە دەبێت:**

١-کۆرسی خوێندن بەپێ ی پسپۆری پێویست دەبێت بۆ زانکۆ و فەرمانگەی پەیوەست بەوەزارەتی خوێندنی باڵا بەشێوەیەک لەپلانی زانکۆ و فەرمانگەکان ئاماژەی پێکرابێت.

٢-ڕاژەی فەرمانبەری پالێوراو ڕەچاو دەکرێت بەپێ ی یاسای ڕاژەی شارستانی، (قانون الخدمة المدنية).

٣-کۆنمرەی ئامادەیی پێویست و وانەی (المفاضلة) لەلایەن لیژنەی زانستی بەشی داواکراو دەست نیشان دەکرێت ، وەلەلایەن خودی بەشە زانستیەکان پلانی خوێندن بەشێوازی سیستەمی هاوتەریب (پارالێل) دەبێت ،

٤-بۆ ئەوانەی برگەی یەکەم دەیان گرێتەوە بە نیوەی هاوتەریب (پارالێل) دەبێت ، وە بەهەمان شێوە کورسیەکانی خوێندنی وەزارەتی تەندروستی و پەروەردە و کاروباری کۆمەڵایەتی و دەستەی گەشت و گوزار بە نیوەی کرێ ی هاوتەریب دەبێت.

٥-تەمەنی پێشکەشکار نابێ لە ٤٥ ساڵ زیاتر بێت.

**دووەم: کورسی خوێندن بۆ وەزارەت و دام و دەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و ڕێکخراوە ناحکومیەکان:**

١-کۆرسی خوێندن بەپێ ی پسپۆری و پێداویستی وەزارەت و دام و دەزگاکان و ڕێکخراوەکان و بازاڕی کار دەبێت، بەشێوەیەک تایبەتمەندی هەر وەزارەت و دام و دەزگایەک لەگەڵ بەشە زانستیەکانی زانکۆکان ڕەچاوبکرێت بۆ نموونە: ( کورسی وەزارەتی کشتوکاڵ پەیوەندیدار دەبێت بە بەشەکانی کۆلێژی کشتوکاڵ، کورسی وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی پەیوەندیدار دەبێت بە بەشە کۆمەڵایەتیەکانی وەکو (کاری کۆمەڵایەتی، کۆمەڵناسی، وە کورسی وەزارەتی ئەوقاف پەیوەندیدار دەبێت بە بەشەکانی زانستە ئیسلامیەکان لە زانکۆکاندا) .

٢- بۆ دام و دەزگا حکومیەکان یاسای ڕاژەی شارستانی (قانون الخدمة المدنية) ڕەچاو دەکرێت .

٣- کۆنمرەی ئامادەیی پێویست و وانەی (المفاضلة) لەلایەن لیژنەی زانستی بەشی داواکراو دەست نیشان دەکرێت.

٤- بەشی زانستی لەهەر زانکۆیەک ژمارەی کورسی تەرخانکراو بۆ بەشەکەی دیاری دەکات لەگەڵ ئامادەکردنی پلانی وەرگرتن بەمەرجێک لە (١٠%) ی پلانی فەرمی بەشەکە زیاتر نەبێت.

٥- تەمەنی پێشکەشکار نابێ لە ٤٥ ساڵ زیاتر بێت.


SPF.office@mhe-krg.org www.mhe-krg.org

٦- كورسی خوێندن بۆ وەزارەتی تەندروستی و وەزارەتی پەروەردە .

٧- خوێندن بەشێوازی هاوتەریب (پاراليل) دەبێت بەتەواوی تێچووی خوێندنی پاراڵێل، وە بۆ ئەنجومەنی زانكۆكان هەیە لە حالەتی پێویستدا بۆ ئەو وەزارەت و دام و دەزگایانەی كە پسپۆڕیەكانیان زۆر پێویستە بۆ هەرێم، لەگەڵ ڕەچاوكردنی ڕەوشی كۆمەڵایەتی قوتابی خوێندكار داشكانیان لەنێوان ٢٠-٢٥% بۆ بكرێت.

٨- بۆ هەر خاڵێک كە لە بڕگەی یەكەم و دووەمی ئەو ڕێنماییانە نەهاتووە ڕەچاوی تێكڕای ڕێنماییەكانی هاوتەریب (پاراليل) دەكرێت.

٩- بۆ هەردوو بڕگەی یەكەم و دووەم، كاندیدكراوەكان بەپێ ی پێشبركێ ی كۆنمرەدەنێردرێتە وەزارەت بۆ پەسندكردن.

د. یوسف گۆران
وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

وێنەیەک بۆ/

- وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی / نووسینگەی وەزیر / لەگەل ڕێزدا.
- وەزارەتەكانی هەرێمی كوردستان بۆ ئاگاداری و كاری پێویست / لەگەل ڕێزدا.
- وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی / فەرمانگەی كارگێری ودارایی / لەگەل ڕێزدا.
- گشت زانكۆكان بۆ كاری پێویست / لەگەڵ ڕێزدا.
- وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی / فەرمانگەی خوێندن و پلاندانان و بەدواداچوون / لەگەڵ ڕێزدا.
- دەركردە.